# (( بەشداری موفتی ئۆرشەلیم و هیتلەر لە هەڵچنینی پیلانێکی نهێنیدا ))

هەڤاڵ سەید حەسەن
hawler1@hotmail.com



Muftin el-Husseini mötte Adolf Hitler år 1941 och fick löfte om tysk hjälp mot judarna.

وتووێژی نێوان موسوڵمانەکان و نازستەکان، داڕێشتنی نەخشەی سەرهێخستنی فەلەستینییەکان و قەلاچۆکردنی (600000) جوی ئەم وڵاتەی لێکەوتەوە، یەکەیەکی گروپی مەرگی سەر بە (ئێس ئێس)1 لە ئامادەباشی تەواودابوو بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژییەکە. ڕابەری ڕووحیی موسولمانان لە ئۆرشەلیم ( موفتی حاجی ئەمین ئەلحوسەینی )، داوای هاریکاری نازیەکانی کردبوو بۆ قەلاچۆکردنی جولەکەکانی فەلەستین و ڕامالین و وەدەرنانی دەستەلاتدارە بەریتانیەکان. لە توێژینەوەیەکی تازەی مێژووناسان (کلاوس مالمەن) و (مارتین شوپێرس) لە زانکۆی (شتوت گارت)، دەرکەوتووە کە ئەلمانییەکان لەقۆناغێکی زۆر هەڵکشاوی پلانەکەدابوون بۆ بەئاکامگەیاندنی کۆمەڵکوژی (600000)جوی فەلەستین. لە ماوەی نێوان ( 1933 تا 1942 )، وتووێژ و سازش بەردەوام بوو لەنێوان موفتی و نازییەکان، وەزیری دەرەوەی ئەلمان( یوواکیم ڤون ریبنترۆپ) و (ئەدلۆف ئیچمان) کە ڕێکخەری وێرانکاری سەراسەری و کۆمەڵکوژییەکانی ئەوڕوپابوو، لە خولە سەرەتاییەکانی ئەم وتووێژانەدا بەشدار بوون. لە بەرواری 28 / 11 / 1941( ئەل حوسەین) ڕێگەی چاوپێکەوتنێکی فەرمی پێدرا لەگەڵ( ئەدلۆف هیتلەر ) و، لەم دانیشتنەدا، هیتلەر گفتی تێکشکاندن و پاکسازی تەواوی جولەکەی وڵاتە عەرەبییەکانی پێدا. لە ڕێکەوتی( 6 / 1942 )، هیتلەر یەکەیەکی گروهی مەرگ ( ئێس ئێس)ی بۆ( ئەسینا )ی پایتەختی یۆنان ڕەوانکرد، ئەم یەکەیە لە چاوەڕوانی سەرلەشکری هەرەگەورەی ئەڵمان (یرڤین ڕۆمل) بوو، تا سەرکەوتنی تەواو بەدەستبێنێ بەسەر بەریتانییەکان لە بەرەکانی جەنگی باکوری ئەفریقادا و پێیان ڕابگات بۆ پەلامارە نەخشەبۆکێشراوەکە. یەکەی مەرگ لەلایەن

بەرپرسی(ئێس ئێس) ڤاڵتێر راووف بەڕێوەدەبرا، کە بە بەهرەدارترین و بە ئەزمونترین مرۆڤکوژی نازییەکان دەژمێردرا، ئەوبوو یەکەمین( ژووری غازی)ی گواستراوەی داهێنا، کە لە ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگری گیرکردبوو. هەروەها لە ماوەی بەڕێوەبردن و فەرماندەیی ئەو شەمەندەفەرەی ڕووبەرەو ڕووسیا بەڕێوەبوو، هەرخۆی فەرمانی بۆ گشت دەستە نگریسەکانی نێو ڤاگنەکان دەردەکرد. ڕاووف 24 ئەفسەری( ئێس ئێس ) ی لەگەڵدابوو لە ئەسینا، بەڵام (یەکەی مەرگ) هیچ چالاکییەکی ئەنجام نەدا بە ئاڕاستەی گەیشتن بە ئامانج و پلانەکانیان. لە( 11 / 1942 ) ڕۆمل لە میسر لە ناوچەی ئەل عەلەمەین شکستی هێناو پاشەکشێی پێکرا، ئینگلیزەکانیش دەستیان بەسەر باکوری ئەفریقا داگرت. لەحاڵێکدا ڕۆمل لە هاوینی (1942) دەستی بەسەر بەشی هەرە زۆری باکوری ئەفریقادا گرتبوو، لەگەڵ ئەو سەربازانەی کەلەژێر سەرکردایەتی ئەودا دەجەنگان، بەرەو لیبیا بەڕێکەوتن، پاشان خۆیان گەیاندە میسر، ئەمەش برینی نیوەی ڕێگابو ڕووبەرەو فەلەستین. بەگوێرەی نەخشەی نازییەکان وادانرابوو کە ڕۆمل درێژە بە هێرشێکی کوتوپڕ بدات بۆ سەر بەریتانییەکان لە باشوری فەلەستین و هاودەم لەگەڵ ئەمە پلانی، جولاندن و دزەکردنی گروپەکانی سوپای ئەڵمان لە ڕوسیاوە بۆ زنجیرە چیای( کەوکاسوس)(2) داڕێشترابو بەمەبەستی خۆنزیک خستنەوە لە سنورەکانی باکوری فەلەستین و دەستکردن بە پەلامارو گوشاری سەربازی. موفتی ئۆرشەلیم (ئەلحوسەین) گفتی دابوو گرووپی چەکداری غەیرەنیزامی بونیاد بنێ، لە تاقمە چەتەوڵەکانی عەرەبە، بۆ بەگژاچوونەوەی نەیاری هاوبەشیان لەپشتەوەڕا و، بەمەبەستی پەکهێخستنی توانای بەرەنگاری بەریتانییەکان و زەمینەخۆشکردن بۆ هاتنەپێشێی ئەڵمانەکان بۆ ناوچەکە.

VÄRLDENS Historia

''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''''

ئەم بابەتەی سەرەوە لە لاپەڕەی پێنجەمی نوێ ترین ژمارەی گۆڤاری( مێژووی جیهان) کە لە سوید دەردەچی بڵاو کراوەتەوە.

VÄRLDENS Historia
NR : 7 / 2006
http://www.varldenshistoria.se/
chefredaktör : Sebastian Relster

وەرگێڕانی
**هەڤاڵ سەید حەسەن**
١٧ / ٦ / ٢٠٠٦
**hawler1@hotmail.com**

## چەند تێبینی و ڕامانێک

هەرچەندە بابەتەکە زۆر بە کورتی خراوەتەڕوو، بەڵام وەک بەڵگەنامەیەکی پڕبەها، بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی لینکێکی پەیوەندی نێوان نازییەکانی ئەڵمان و ڕەوتە ئیسلامییە عەرەبییەکان، کە هەمیشە بەفێڵبازی و، بە هێنانەوەی کەڵەکو کوڵەکی سیاسی و، بە کەڵک وەرگرتن لە دڵپاکی کورد لە بواری مەزهەبیداو، بە بانگی برایەتی و  باوەڕی ئاینی تەفرەیان داوین و، تخوبێکی ئەخلاقی و مەزهەبییان بۆ بابای کوردی مەسوڵمان کێشاوە، بۆئەوەی لە  ڕەوتی ڕوولەپێشی ئەوداهێنانەی کە لەسایەی هاوکاری و کۆمۆنیکاسۆنی نێودەوڵەتی بەرهەمهاتووە دایانکەلێنێ، تا بۆهەمیشە لە گۆشەی تەنهایی و گۆشەگیری کاژە کۆنەکانی پەیوەندیە داسەپێندراوەکان بگوزەرێین. تەقەلای شێلگیرانەی هێزی شەڕو تاریکی، لەژێر پەردەی جۆرەها ڕەوتی سیاسی و ئایدیۆلۆجیدا، زۆر بەکارایی کۆششدەکەن تا  گومان بێخنە نێو دڵ و دەرونی تاک و کۆمەڵ، بەمەبەستی حەرامکردنی دەرچون لە بازنەی کۆیلایەتی و، ڕەتکردنەوەی عەرەب سالاری و، خۆبەستانەوە بە پیوەرە ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن و هاوکاری و پەیوەندی ڕوونو مرۆڤدۆستانە لەگەڵ وڵاتانی جیهان. لە ڕوانگەی توندڕەوە ڕەگەزپەرستەکان، کورد هەڵدەگێڕڕێتەوە بۆ مورتەد و کافر و، بە هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوەی فەساد دادەنرێ لەسەر خاکی موسولمانان، هەروەک نازییەکان پێیان وابوو( باشترین جو، جووێکی مردووە) ئەوانیش پێیان وایە باشترین کورد دەبی زیندەبەچاڵی قۆرتەکانی بیابان بێ، یا لاشەیان کۆی زوخاڵی بۆمبێکی داچێندراوبێ. سەردەمێ شۆڤێنستەکان نیازیان وابوو جولەکەکان لە دەریای ناوەڕاست و دەریای سور بخنکێنن، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو نۆرە گەیشتە سەر بێدیفاعترین گەلی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ سەر ئەوانەی هەمیشە بەوپەڕی دڵسۆزی و خۆنەویستانە دەستباریان لەگەڵ هەمو کێشەو گرفتارییەکانیان گرتبۆوە، بەڵام عەرەب چییەکان، بیابانیان پێ ڕەوابینین، مناڵانی کورد لەچاڵەکانی مەرگی بەکۆمەڵدا لە بیابان، زاتی دەربازبوونیشیان نەدەکرد، لەترسی سەربازە کڵاو ڕەشەکان مردنیان لەژیان لاخۆشتربوو. لە پرسوجۆی نێوان کەنعان مەکییە و تەیمور، کەباسی کچە چکۆڵە بریندارەکەی ناو یەکێ لەچاڵەکانی مەرگ دەکات، کاتێ تەیمور پێیدەڵێ هەستە بابڕۆین،لە وەڵاما دەڵێ: لەسەربازەکان دەترسم، ناتوانم لەگەڵتا بێم(3). ئەمە یەکێ لە چرا خامۆشکراوەکانی بیابانە، شەوانە وەک کلو بەفرێکی سپی، شوێنە عاسێکانی شاخ، شەوەزەنگی بیابان ڕۆشن دەکاتەوە و ڕاستییەکەو قەت لەبیر ناچێتەوە. کچ و کوڕە بچوکەکانیش بەکراسو کەوێ و شەڕواڵە ئاڵووالاکانیان دەناسرێنەوە، نازانم بۆ تەرمەکانیان تا ئەمڕۆش هەر نەهاتەوە، نوشتەی سەرشانی مەلۆتکەکان ئەگەر ڕەنگیشیان کاڵبوبێتەوە، خۆ ئایەتەکانی مەلای خەتێ و بالیسان و هەمودەشتی گەرمیان و شارەزوور و گەلی زیلێ بەکوردی نوسراوە، کێدەچێ بیخوێنێتەوە، مەگەر هەمووشەوێ ئەم فریشتە سپیانە لە هەوا نەرمتر، لەڕۆناکی ڕوونتر، نایێنە ناو خەونەکانتانو پێڵوی چاوەکانتان هەڵنادەنەوە، ئەی هەر ڕۆژە ناچرێنن بەگوێتانا و پێتان نابێژن فەرقمان پێمەکەن، کوا ڕێز بۆ (مێژوو بۆ ئێستێ و بۆداهاتو)، کوا بۆ بزەو سۆز هەڵگیرا کاتێ نۆرەی مرۆڤە باشەکان هات بۆمافی یەکسان نەک لەژیاندا بەڵکو لەدونیاکەی تر، پاش ئەنفال کردن. مێژووش وەک تولە

ڕێگەی ڕوولەهەورازی زنجیرەی شاخ، نواڵەی خۆی هەیە و هەق دەدات بە هەموو ڕێبوارێ. ئەمڕۆ ئەگەر هێتلەر بوبێتە ڕەمزی کۆمەڵکوژی، ئەی ئەو مەلاو موفتیە ڕەگەزپەرستانەی نەک هەر هاوکار و هاوبیری هێتلەر بوینە لە قەلاچۆکردنی گرووپو کۆمەڵە نەژادییەکانی جیاواز لەخۆیان، بەڵکو خوێنڕێژ و دەست ڕەشی وایان تیایە نەک تەنها سەربڕینی مناڵی شیرەخۆرە، بەڵکو وەک ئاگرێ گۆشتی مناڵ و پەز و قاغەزی چوکلێتی جەژنانەشیان دەسوتێنێ و هۆسەی عەشایەری، لە ئەلجەزیرە بۆ سازدەکات، ئەم ناهەقی و زۆرداریيە ڕەگەزپەرستانەیە زاراوەیەک نیە بیانگرێتەخۆ، نازستە نوێکان، یا ڤاندالیزەکانی(4) سەدەی تازە، ئەم ناووناتۆرانە، واتای کارەساتی جینۆسایدی کورد پڕناکاتەوە، هەر( بەعس) ی و ( ئەنفال)چی، بالانوێنیانە و باشتر پێی دەناسرێنەوە. لەسەرەتای تۆماری ژیانی هێتلەردا گوتراوە (هێزی شەیتان و خەراپە باڵدەکێشێتە سەر هەموو ژیان، کاتێ مرۆڤە باشەکان بەهیچ کارێ هەڵناستن)(5) و بێدەنگی هەڵدەبژێرن. هەربۆیێ لە سۆنگەی ئەو پەیوەندییانەی کە نارڕژێتە نێو خانەی بەرژەوەندی بالای عروبە، دەکرێ پێشبینی زۆر کاری دزێوتر لەوەی کەڕویدا بکرێ، بەلام ئومێد هەرتەنها زایەڵەی دەنگ و کردەوەی مرۆڤە باشەکانە.

..................................................................................

1 :

ئێس ئێس= شاخەی سەربازی نازییەکان بوو، دەستپێکی ئێس ئێس لەسەر داواکاری هێتلەر هاتە ئاراوە کە ( هێنریخ هیلمەر)ی بۆ سەرکردایەتیکردنی هێزێکی لەم جۆرە دەستنیشانکرد، کە بریتیبون لە کۆمەڵێک پاسەوانی دڕندە و دەستوەشێن، لە سالی (1929) ژمارەیان 280 پیاو بوو کە لەکاتی کۆبونەوەی نازییەکان بەکاردەهێندران بۆ پاسەوانیکردنی کۆڕ و کۆبونەوەی حیزبییەکانیان و تۆقاندنی نەیارەکانیان. لە سەروبەندی جەنگی جیهانی دووەم، بوون بە بازووی پتەوی نازییەکان ژمارەیان گەیشت بە(250000) کەس و، بوون بە بناغەی سازدانی هێزی ( ڤافن ئێس ئێس) لە (1940) کە لەڕۆخ هێزە چەکدارە نیزامییەکان بەشداری جەنگییان دەکرد. ئەم پێناسەیە، لەم سایتەی خوارەوە، وەرگیراوە :

http://sv.wikipedia.org/wiki/Schutzstaffeln

2 : کەوکاسوس زنجیرە چیایەکە لە قەفقاسییا.

3 : دلڕەقی و بێدەنگی....کەنعان مەکییە....وەرگێڕانی حەمە ڕەشید.

4 : ڤاندالیزم: لە ناوی دەوڵەتی وندالی باکوری ئەفریقا وەرگیراوە، کە بەدرێژایی چواردە ڕۆژ تالان و کوشتوبڕیان ئەنجامدا لەڕۆما سالی 445. لەزۆربەی زمانە ئەوروپییەکان بەکاردێ بەمانای وەحشیەت و کاولکاری دێتەوە. سەرچاوە ل(31) مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، نوسینی د نعیم فرج.

5 : ئێدموند بورکێ

**هەڤاڵ سەید حەسەن**

١٧ / ٦ / ٢٠٠٦

hawler1@hotmail.com